گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆلی مامۆستایانی شاعیر لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کوردیدا (زیوەر و بێکەس و گۆران) بە نموونە

**پ.ی.د فەرهەنگ مظفر محمد**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ،زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر ، هەرێمی کوردستانی عیراق

farhang.muhamad@su.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕۆلی مامۆستا شاعیرەکان لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورد)ە، توێژینەوەیەکی شیکارییە و هەولێکە بۆ خستنەڕوو و دەرخستنی ڕۆلی ئەو مامۆستایانەی شاعیر و نووسەر بوونە، بۆ نموونە هەریەک لە شاعیران (زیوەر1875- 1948) و (بێکەس 1905- 1948) و (گۆران 1904- 1962) پیشەیان مامۆستایەتی بووە و لە قوتابخانەکانی کوردستان مامۆستا بوونە، لەرێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیانەوە پرۆگرامی خوێندنیان لە قوتابخانەکان دەوڵەمەندکردووە و ڕۆلیان هەبووە لە درووستبوونی ئەدەبی منداڵانی کوردی، ئەمەش هەر لەگەڵ دروستبوونی قوتابخانە لە کوردستان وەکو دامەزراوەیەکی فەرمی تایبەت بەخوێندن کە ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیان و کۆمەڵی کوردەواری، ئەدەبی منداڵانیش توانیویەتی پشکی خۆی وەربگرێت لەو ڕۆڵەی کەبەریکەوتووە. هەروەك ئاشکرایە کە قوتابخانە شوێنی پێگەیاندنی ئاستی ژیریی و مەعریفەیی هەموو تاکێکی سوودمەندە لە قوتابخانە، کەواتە قوتابخانەی پێشکەوتوو بەشێوەی ناڕاستەوخۆ تاکی تەندروست دروستدەکات، لەم بارەیەوە ڕۆڵی قوتابخانە لەپێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کورد بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت چ لە ڕێگەی مامۆستاکان یاخود لە ڕێگەی پرۆگرامی خوێندن و چالاکییەکانی قوتابخانە.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٤/٣/٤

پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٤/٢٥

بڵاوکردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان:**

*Teacher, history of school in Kurdistan, Kurdish children's literature, Kurdish contemporary.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.6

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

ئەدەب لە ژیانی میلەتاندا پێگەیەکی گرنگی هەیە. بەهۆی هونەرە هەمەچەشنەکانی و شێوازە سەرنجراکێشەکانی ڕۆڵێکی گەورە لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی مرۆڤەکان دەگێرێت. تەنانەت لە پەروەردە و فێرکردنیشدا شوێن پەنجەی دیارە. ئەدەبی منداڵانیش بەشێکی سەرەکی ئەدەبیاتی هەر گەلێکە، بەو پێیەی کە پەیوەندی بە توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگاوە هەیە، ئەویش منداڵانە، بە شێوازێکی سادە و سەرنجراکێش دێت کە سەرنج و دڵ و مێشکی منداڵان ڕادەکێشێت؛ دڵیان خۆشدەکات، زانست و ئەزموونەکانیان دەوڵەمەند دەکات، بەشداری دەکات لە دروستکردنی داهاتوو و کەسایەتیان و ئامادەکردنیان بۆ ژیان. (كامل علي سليمان عتوم، 2013: 76-94) ئەدەبی منداڵان بەو بەرهەمە ئەدەبییە جوانانە دەگوترێ کە تایبەت بۆ منداڵان نووسراون، لەم بارەیەوە زۆر پێناسەی بۆ کراوە، (ئەدەبی منداڵان ئەو بەرهەمانەیە کە هەست و سۆزی منداڵ بەرەو خۆی کێش دەکاو پێویستییەکانی دابیندەکات) ( شوان، 2018: 7) ئەم پێناسەیە ئاماژەی بە لایەنێکی گرنگی ئەدەبی منداڵ کردووە ئەویش بابەتی کێشکردنە واتە پێویستە چێژ و خۆشی بە منداڵان ببەخشێت و منداڵان بۆ لای خۆی کێش بکات. ئەدەبی منداڵان لقێکی نوێیە لە ئەدەبی باڵا، تایبەتمەندییەکەی جیای دەکاتەوە لە ئەدەبی گەوران لەگەڵ ئەوەی هەریەکەیان لە ڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە کاریگەری خۆیان هەیە لە پێناسەیەکی دیدا ((ئەدەبی منداڵان کۆمەڵێك چالاکی ئەدەبییە پێشکەش بە منداڵان دەکرێت، ڕەچاوی تایبەتمەندی و کارامەییەکان و ئاستی گەشەی منداڵ دەکات واتە هەموو ئەو شتانەی پێشکەش بە منداڵ دەکرێت کاردەکاتە سەر هەست و سۆز و بیریان)) (الهيتى، 1994: 155)ئەم پێناسەیە تیشکی خستۆتە سەر کارامەییەکانی منداڵ کە پێویستە لە ئەدەبی منداڵاندا هەبێت وخواست و ئارەزووەکانیان تێر بکات.

ئەدەبی منداڵان بەرهەمێکە لە هیچ سنوورێکدا ناوەستێت، چونکە بەرهەمێکی ئەدەبی ئاڵۆزە و عەقڵ و ویژدان تێکەڵ دەکات، فێرکردنی ئەدەبی بەر لە قۆناغی سەرەتایی و لە کاتی سەرەتاییدا بە شێوەیەکی بەرفراوان پەیوەندی بە پەروەردەی منداڵانەوە هەیە، وەک چۆن پەروەردەی منداڵان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتا دەبێت لە گفتوگۆ و چیرۆک و شیعر و گۆرانی وتنەوە دەست پێبکات و دواتر دەچینە سەر خوێندنەوە و نووسین. (مدکور: 2009: 14) ئەدەبی منداڵان لە قۆناغی ئێستادا، ئەدەبێکی تازەیە لە ئەدەبی کوردیماندا، لە قۆناغێکە بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت. (شوان، 2011)

**-ناونیشانی توێژینەوەکە**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە: (ڕۆلی مامۆستا شاعیرەکان لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورد لە باشووری کوردستان)، لەم توێژینەوەییەدا هەوڵدەدەین، لە ڕوانگەی کاریگەری تێکستە ئەدەبییەکانیان رۆڵی مامۆستا شاعیرەکانی وەک؛ (زێوەر) و( بێکەس) و (گۆران) لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کوردیدا دەستنیشان بکەین.

**-سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە تایبەتە بە ئەدەبی منداڵانی کورد، لە قۆناغی دورستبوونی قوتابخانە لە باشووری کوردستان تا ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم.

**-ڕێبازی لێکۆلینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پشت بە میتۆدی (ڕەخنەی شیکاری) ببەسترێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە هەندێک حاڵەتدا، لەچوارچێوەی میتۆدی سەرەکی خۆی دەردەچێت، بۆیە هەوڵمانداوە لە پاڵ میتۆدی سەرەکی، پەنا ببینە بەر میتۆدی (مێژوویی).

**-بایەخی توێژینەوەکە:**

بایەخی توێژینەوەکە لەوەدا دەردەکەوێت، تاکو ئێستا لە ناوەندە ئەکادیمییەکان توێژینەوەییەکی زانستیی لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری ئەو مامۆستا شاعیر و نوسەرانە لە بابەتی ئەدەبی منداڵان نەکراوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ڕۆڵیان لە چەسپاندنی بنەما پەروەردەیی و نیشتیمانییەکان لە پرۆگرامەکانی قوتابخانەی کوردیی پیشان نەدراوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەلامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

-توێژینەوەکە ئامانجی زانینیی ڕادەیەی دەقە ئەدەبییەکانی منداڵانە لە نووسینی مامۆستایانی ئەم قۆناغە، تا چەند لە قوتابخانەکاندا لە پۆلەکانی قۆناغی سەرەتایی بەشدارییان کردووە و گەیشتوون بە ئامانجەکانیان؟

-ئەو مامۆستا شاعیرانەی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان پێداون، تا چەند بە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بەشداربوونە لە پرۆسەی پەروەردەکرن و پێگەیاندنی منداڵی کورد؟

-تا چەند ئەدەبی منداڵان کە لە قوتابخانەکانی سەرەتایی لە کوردستان لە ڕێگەی مامۆستایانەوە ئامانجەکانی ئەم ئەدەبەیان جێبەجێ کردووە؟

-گرنگترین ئەو بەها پەروەردەییانە کامانە بوون کە لە بەرهەماکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە؟

-ئەو فۆرمە ئەدەبیانە کامە بوون کە شاعیران لە ڕێگەی پرۆگرامی قوتابخانەوە هێنایانە نێو ئەدەبی منداڵانی کوردی.

**-گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

گرفتی توێژینەوەکە لە ناونیشان ڕەنگدەداتەوە، ئەویش:

- ئایا دەکرێت بەوردی دەسنیشانی ڕۆلی مامۆستا شاعیرەکان بکەین، لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورد لە باشووری کوردستاندا؟

- ئایا تا چەند گرنگ بووە، کە شاعیرانی کوردیی وەکو: (زێوەر) و(بێکەس) و (گۆران) مامۆستا بوونە و ئەمانە جگە لە وانەوتنەوە چیان بۆ منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانەکاندا کردووە؟

**- پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

جگە لە پوختە و پێشەکی لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە چەند باسێکی تیۆری، وەک ناساندنی چەمک و پێناسەی مامۆستا و قوتابخانە و ئەدەبی منداڵان و مێژووی پەیدابوونی قوتابخانە لە باشوری کوردستان، بەشی دووەمیش تایبەتە بەلایەنی پراکتیکی توێژینەوەیەکە، ئەویش ڕاڤەکردن و خستنەڕووی بەرهەمی ئەم شاعیرانەیە لەناو کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان و کاریگەری ئەو تێکستە ئەدەبییانەیان کە بۆ منداڵانیان نووسیتەوە، چ وەکوو پرۆگرام خوێنراوە یاخود لە بۆنە و چالاکییەکانی قوتابخانەکان وتراون و بونەتە وێردی سەر زمانی منداڵان، کە دواتر ئەدەبی منداڵانی کوردی پێشخستووە.

لە کۆتایشدا پوختەی ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووین بە چەند خاڵێک خراونەتەڕوو، لەگەل خستنەڕووی لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## بەشی یەکەم:

## چەمک و پێناسەی (مامۆستا و قوتابخانە) و کاریگەرییان لەسەر (ئەدەبی منداڵان)

### 1- مامۆستا کێیە؟

مامۆستا یان فێرکار ئەو کەسەیە، کە یارمەتی قوتابییان دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاریی و شارەزایی یان ڕەوشتێک، مامۆستا لە سەردەمی پەروەردەیی مۆدێرن نوێنەرایەتی چەندین ڕۆڵی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی دەکات، کە هاوتەریبن لەگەڵ گیانی سەردەم و گەشەکردنی کۆمەڵگا، لە ڕووی زمانەوانییەوە مامۆستا بە کەسێک دەوترێت؛ کە وانەبێژبێت و ئەرکی فێرکردنی قوتابییان بگرێتە ئەستۆ، لەڕووی زانستیشەوە مامۆستا ئەو کەسەیە؛ کە هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان، یاخود دەرچووی کۆلێژەکانی پەروەردە بێت. (پێندەرۆیی، 2010: 3).

کەواتە مامۆستا ئەو مرۆڤەیە، کە لەڕێگای پرۆسەیەکەوە (کۆمەڵێک زانست و زانیاریی ئەبەخشێتە فێرخواز، لە ڕێگەی گرتنەبەری بەرنامە و پڕۆگرامی زانستییەوە، کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخ و

ڕەوش وکەسێتی فێرخوازان، فێرخوازان بە پەروەردەیەکی هاوچەرخ و مۆدێرنانە پەروەردە ئەکات، بە جۆرێک لەگەڵ کەش و هەوای پێشکەوتنی سەردەم دا بگونجێت) (عبدولکەریم، 2009: 135)، واتە مامۆستا ئەوکەسەیە کە هەڵدەستێت بەڕێکخستنی زانیارییەکان و بەشێوەیەک کە شایەنی وەرگرتن بێت لەلایەن قوتابییان ەوە، چونکە مامۆستا دەتوانێت پرۆگرامی خوێندن بە ژیان گرێبدات، بە جۆرێک قوتابییان بتوانن بەوپەڕی خۆشییەوە ئەم پرۆگرامانە وەربگرن و دواجار سوودی لێببینن. لە ڕوانگەی تێگەیستنی نوێوە وا بۆ چەمکی مامۆستا یاخود فێرکار دەڕوانرێت؛ کە مامۆستا دەبێت رۆڵی ڕابەر و پەروەردکار ببینێت، بۆیە مامۆستا ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دەگێرێت. (قەرەچەتانی، 2008: 13).

لەم دیدگەوە (حەمەسالح فەرهادی) دەڵێت: (مامۆستا ئەو مرۆڤە خۆبەختکەرەیە، کە مۆم ئاسا خۆی دەسووتێنێ بۆ ئەوەی ڕێگا لەبەردەم نەوەکانی گەل ڕووناک بکاتەوە) (فەرهادی، 2006: 58).

بەمەش مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگ وزیندووی لەکاری فێرکردندا هەیە، چونکە لەلایەک بەجێهێنەری سەرەکی پرۆگرامی خوێندنە و لەلایەکی دی ئاراستەکار و ڕێنوێن و سەرکردەی پۆلیشە بۆ قوتابییان لە کرداری فێربون و فێرکردندا، هەر ئەویشە کە هەڵسوڕێنەری بەدواداچونی دەرئەنجامەکانی قوتابییان دەکات و هەوڵی باشترکردن و پەرەپێدانی دەدات، (قادر، 2015) لە پێناسەیەکی تردا هاتووە، کە مامۆستا (کەسێکە لە ڕووی ئەکادیمی و پەروەردەییەوە شارەزایی هەیە لە ئەجامدانی پیشەی وانەوتنەوە، سەرکردەیەکی پەروەردەییە، بۆ ئەوەی کار بکات بەبەردەوام پێویستی بە خۆپێشخستن هەیە لەگەڵ ئەو داهێنان و گۆڕانکارییانەی، کە لە پیشەکەیدا ڕوودەدات بۆ بنیاتنانی کەسایەتی قوتابی لەسەر بنەمای زانستی دروست و هاندانی دروستکردنی کەسێکی باش و بەسوود بۆ کۆمەڵگا) (حماد، النخالة، 2009: 12)، لە ڕووی ڕێکاری فەرمییەوە مامۆستا ئەو کەسەیە؛ کە بە فەرمی لە (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە) بە (مامۆستا) دەستنیشانکراوە، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە هەموو لایەنەکانی کارەکەی لە پۆلەکەیدا بەرپرسیاربێت، چ لە فەراهەمکردنی ژینگەیەکی باش بۆ فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابییان و باشترکردنی پرۆسەی خوێندن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە مامۆستا بەرپرسە لە دابینکردن و پێشکەشکردنی زانست و زانیاریی بۆ قوتابییەکانی و هەوڵدەدات ئاسانکاری و سادەکردنی زانیاریەکانیان بۆ شرۆڤە بکات. (Seregny، 2019) پیشەی مامۆستایی یەکێکە لەو پیشانەی کە لە سەرانسەری جیهاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەتەوە؛ بەپێی ئامارەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ژمارەی مامۆستایان گەیشتە نزیکەی ٣٠ ملیۆن مامۆستا لە سەرانسەری جیهاندا و مامۆستایان بەگشتی دابەشدەکرێن، بەسەر سێ گرووپی لاوەکییدا: مامۆستای قۆناغی سەرەتایی، مامۆستای ناوەندی و مامۆستای زانکۆ. (Havighurst، 2019).

بێگومان ڕۆڵی مامۆستا زۆر زیاترە لە تەنها ئامادەکاری بۆ وانەکان و جێبەجێکردنی پلانی خوێندن بۆ قوتابییەکان، مامۆستا دەتوانێت نوێنەرایەتی مۆدێلێکی ئەرێنیش بکات بە قوتابییەکانی، ڕۆڵی مامۆستا بۆ قوتابییەکانی بەپێی تەمەن دەگۆڕێت، بۆ نموونە مامۆستای باخچەی ساوایان پەرە بە کارامەیی سەرەتایی منداڵان دەدات، کە پێویستن بۆ پێشکەوتن و گەشەکردن و توانای گواستنەوەی منداڵ بۆ ساڵانی داهاتوو، لە کاتێکدا مامۆستای پۆلەکانی ناوەڕاست، زانیاریی تایبەت بە بەپێی بابەتەکانی ناو پرۆگرامی خوێندن قوتابییەکان دەدات، (Cox ، 2018)، مامۆستا ڕۆڵێکی دیاری لە کۆمەڵگادا هەیە، بەتایبەتی کاریگەریی لەسەر درووستبوونی کەسایەتی و گەشەی عەقلی و سۆزی دەروونی منداڵان دروستدەکات، واتە ئەرکی مامۆستا تەنها لە نێوان دیواری قوتابخانە و کاغەزی تاقیکردنەوەکاندا نییە، ئەوە ڕاستە بەهۆی بڵاوبوونەوەی زانستەوە و زیادبوونی ژمارەی ڕۆشنبیران و ئەکادیمییەکان و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێت رۆڵ و ئەرکی مامۆستا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە... بەڵام هەر بەو مۆدێلە مامۆستا لە ڕێگەی فۆڕمەکانی ئەدەبی منداڵانەوە هەمیشە وەک ڕێنماییکار دەمێنێتەوە کە ناوی دەهێنرێت کە زۆرترین کاریگەری لەسەر قوتابییان و داهاتوویان درووستدەکات. (عیساوي، 2015).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2- ڕۆڵی مامۆستا لە پێشخستنی ژانرەکانی ئەدەبی منداڵانی کوردی:**

مامۆستایان لە بە رۆشنبیریکردن و بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵدا ڕۆڵێکی گرنگ و گەورە دەگێڕن، چونکە مامۆستایان یەکەمین کەسایەتی خاوەن کارتێکەری و دەسەڵاتن، کە زۆربەی منداڵەکان هەموو ڕۆژێك لە قوتابخانەدا لەگەڵیان بەرەوڕوو دەبنەوە. مامۆستایان خۆخوازانە کاریگەری لەسەر منداڵان دادەنێن، لە ڕاستییدا دەسدڵاتداری مامۆستایان لە بەکۆمەڵایەتییکردنی قوتابییاندا جێگای سەرنجی توێژەرانی زانستەکۆمەڵایەتییەکانە.(قادر، 2015) مامۆستاکان دەتوانن بە زۆر شێواز و ڕێگاوە، لە ڕێگەی قوتابخانەکانەوە گەشە بە ژانرەکانی ئەدەبی منداڵانی کوردی بکەن، لەم شێواز و ڕێگایانەش:

1. مامۆستایانی زمانی کوردی لە وانەی "دارشتن" دا، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگییان هەبێت، لە هاندانی قوتابییەکانیان بۆ ئاشنابوون بە خوێندنەوەی بابەتەکانی ئەدەبی منداڵان و هاندانیان بۆ نووسینی پەخشان و چیرۆک و هۆنراوە.
2. لە ڕێگەی چالاکی قوتابخانەکان، بۆ نموونە لە کاتی ڕیزبوونی بەیانیان (هەڵکردنی ئاڵا) لەناو گۆڕەپانی قوتابخانەدا، مامۆستایان قوتابییان فێری خوێندنەوەی سرودە نیشتیمانییەکان و نەتەوەییەکان دەکەن.
3. لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکی فیستیڤاڵی کێبڕکێ بۆ قوتابییە نووسەرەکانی بواری ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان (هۆنراوە، چیرۆک، ئۆپەرێت، پەخشان) کە بەسەرپەرشتی مامۆستایان ئەنجام دەدرێت.
4. بێگومان ئۆپەرێت و شانۆی قوتابخانە، ڕۆڵ و گرنگییەکی زۆریان لە گەشەکردن و فێرکردن و پەروەردەکردن و رۆشنبیریی منداڵان و گەشەکردنی زمانی منداڵان هەبووە، - لە ئەدەبی کوردیشدا (گۆران)ی شاعیر؛ کە خۆی مامۆستا بووە شوێنپەنجەی دیارە لە نووسینی ئۆپەرێت و شانۆی منداڵاندا و بەشێکی دیوانەکەی تایبەتە بە دەقی ئۆپەرێت و شانۆی ئەدەبی منالان.

کەواتە دەتوانیین بڵێین؛ مامۆستایانی شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان، گرنگترین هۆکارن، لە داهێنان و گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵاندا، بۆیەش لە سایەی نووسەرانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەدەبی منداڵاندا ژانرە ئەدەبییەکانی منداڵان گەشەدەکەن، وەک تێبینی دەکرێت بەشێکی زۆری نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، مامۆستابوونە؛ بۆنموونە (زێوەر1875- 1948) و (بێکەس 1905- 1948) و (گۆران 1904- 1962) پیشەیان مامۆستایەتی بووە و لە قوتابخانەکانی کوردستان مامۆستابوونە، لە ڕێگەی بەرهەمەئەدەبییەکانییانەوە پرۆگرامی خوێندنیان لە قوتابخانەکان دەوڵەمەندترکردووە و ڕۆڵیان لە درووستبوونی ئەدەبی منداڵانی کوردیی هەر لە سەرەتای دورستبوونی قوتابخانەوە تا ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم هەبووە.

### 2- قوتابخانە:

قوتابخانە شوێنی فێرکردن و پەروەردەکردن و ئامادەکردنی منداڵانە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، کاری قوتابخانە پێگەیاندنی زانیاریی گشتیی و هەمەچەشنە بە قوتابییان، بۆ ژیانێکی دروست ئامادەیان دەکا، تا بتوانن لە داهاتووشدا بە شێوەیەکی دروست گەشەبکەن و پێبگەن، ڕۆڵیکی سوودبەخش و ئەرێنیش لە نێو کۆمەڵدا بگێڕن، بڕواشیان بە تواناکانی خۆیان هەبێ و بە گەشبینییەوە لە ژیان و لە داهاتوو بڕوانن، خۆڕاگربن و بتوانن بە ئازایی و بێباکییەوە ڕووبەڕووی هەموو ئەو گرفت و تەگەرە و بەرهەڵستییانە ببنەوە، کە دێنە ڕێی ژیانیان(شوان، 2017)، بە واتایەکی دی؛ قوتابخانە: شوێنی خوێندن و گەڕان بەدوای زانستە، یەکەمین شوێنی فەرمییە، کە منداڵ تێیدا فێری زانست و زانیاریی دەبێت، الجر، ؟؟، 1087)، پێگەیەکی گرنگی لە نێو کۆمەڵگەدا هەیە، لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا جێی بایەخی تایبەتی دەوڵەتە و خزمەتێکی بەرچاو دەکریت لە پێناو پێشخستنی ئاستی مەعەریفی و دۆزینەوە و داهێنانی زیاتر. زاراوەوەی قوتابخانە لە دوو بەش پێکدێت: ئەویش (قوتاب + خانە)، (قوتاب) کە مەبەست و بنەڕەتەکەی لە (قوتابی) هاتووە، دواتر پاشگری (خانە)ی خراوەتەسەر؛ کە لە زمانی کوردییدا بەواتای شوینی خوێندنی قوتابی دێت.

لەم دیدگەوە قوتابخانە دامەزراوەیەکی کۆمەڵاتی و پەروەردەییە (لە نێو سیستەمێکی تەواو سنووردار کاردەکات بۆ زیادکرنی شارەزایی و زانیاری منداڵ، یارمەتی لایەنە جۆراوجۆرەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەشەی دەدات لە پێناو ئامادەکاری بۆ بونیادنانی کەسایەتی)) (لیتروش، 2018: 20) کەواتە لەم پێناسەیە تیشك خراوەتەسەر پێدانی و بەخشینی زانیاریی و گەشەی ژیریی و بونیاتی کەسایەتی منداڵ، کەواتە منداڵ زۆربەی پێداویستییەکانی فێربوونی لە نێو سیتەمی پەروەردە (قوتابخانە) بۆ فەراهەم دەبێت و دەرفەتی باش و هەڵومەرجی گونجاو دەرەخسێنێت لە پێناو برەودانی زیاتر بە گەشەی ژیریی، بۆ ئەو مەبەستەش قۆتابخانە چەندین چالاکی تێدا دەکرێت، کە هەمووویان خزمەت بەم بوارە دەگەیەنن، چالاکییەکانی قوتابخانەش بریتیین لە پراکتیزەکردنی فێربوون، کە قوتابییان لە میانەیاندا دەتوانن هەموو توانا و بەهرە خەفەکردووەکانیان، بە شێوەیەکی دروست و ئاراستەیی، بە تاقیکردنەوە بە کاریان بهێنن، هەل بۆ قوتابییان دەرەخسێنن ئەو جۆرە چالاکییانە هەڵبژێرن، کە لەگەڵ توانا و خواست و ئارەزووەکانیاندا دەگونجێن.

ئامانجی قوتابخانە ئەوەیە زۆرترین زانیاریی بئاخنێتە هۆشی قوتابییان، هەروەها ئامانجی گەشەکردن و بنیاتنانی کەسایەتی دروستی قوتابییانە، لە هەموو بوار و ڕوویەکەوە، بۆ ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوو ئامادەیان دەکا، وەک (مەکسیم گۆرگی) دەڵێ: (پێویستە زانیاری لە خزمەتی ئەندێشەی منداڵان دا بێت، واش منداڵان رابهێنی، کە بیر لە داهاتوو بکەنەوە) (شوان، 2016).

**کاریگەری قوتابخانە لەسەر ئەدەبی منداڵان:**

لەگەڵ دروستبوون و هاتنەکایەی قوتابخانە وەکو دامەزراوەیەکی فەرمی تایبەت بەخوێندن ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیان هەبووە لەسەر کۆمەڵی کوردەواری، ئەدەبی منداڵانیش توانیویەتی پشکی خۆی وەربگرێت لەو ڕۆڵەی کەبەریکەوتووە. هەروەك ئاشکرایە کە قوتابخانە شوێنی پێگەیاندنی ئاستی ژیریی و مەعریفەیی هەموو تاکێکی سوودمەندە لە قوتابخانە، کەواتە قوتابخانەی پێشکەوتوو بەشێوەی ناڕاستەوخۆ تاکی تەندروست دەخاتەوە لە ڕیگەی سیستەمێکی پێشکەوتوو، لەم بارەیەوە ڕۆڵی قوتابخانە لەپێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کورد بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت چ لە ڕێگەی مامۆستاکان یاخود لە ڕێگەی پرۆگرامی خوێندن و چالاکییەکانی قوتابخانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەکی دی؛ لەسەرەتای دامەزراندنی قوتابخانە (ئەدەب) توانیوویەتی سوود بە منداڵی کورد بگەیەنێت و گەشەی خۆیشی لەسێبەریدا بکات، کەواتە قوتابخانەکان دەتوانن بە زۆر شێواز و رێگا گەشە بە ژانرەکانی ئەدەبی منداڵانی کوردی بدەن، قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی فەرمی پەروەردەیی و فیرکرن و کۆمەڵایەتی، پێگەیەکی گرنگی لە پەروەردەکردنی دروست و فێرکردن و ئاراستەکردنی قوتابییان هەیە، دەتوانین ئەوە بڵێیین: نهێنی کاریگەری قوتابخانە لەسەر ئەدەبی منداڵان، بۆ دوو فاکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە, ئەوانیش:

1. پروگرامی خوێندن: کە کتێبەکانی قوتابخانە دەگرێتەوە، قوتابخانەکان دەتوانن لە رێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە رۆڵێکی گرنگیان لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کوردیی هەبێت. لە رێگەی ئەو بابەتە ئەدەبی و زانیاریی و رۆشنبیرییانەی، کە بەشێکن لە بەرنامە و لە پرۆگرامەکانی پەروەردەکرن و فێرکردن و خوێندنەوە و فێربوون، کە بەشدارن لە بنیادنانی کەسایتی منداڵان. بەشێکی زۆر لە بابەتەکانی پرۆگرامەکانی فێرکردن و خوێندنەوە، بە تایبەتیش بابەتە هەمەجۆرەکانی پەرتووکی "خوێندنەوەی کوردی" جۆرێکن لە جۆرەکانی ئەدەبی منداڵان (چیرۆک، هۆنراوە، پەخشان، شانۆ، ئۆپەرێت، دیالۆگ) (شوان، 2021).

2. مامۆستایان: مامۆستایان داینەمۆی فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵان، لە بەشەکانی سەرەوەی ئەم توێژینەوەیە باسی ئەو رۆڵ و کاریگەریانەمان کرد، نووسەرانی ئەدەبی منداڵان، مامۆستا بوون هۆی تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆیان بە جیهانی پاک و بێگەردی منداڵان، زیاتر لە ئارەزوو و نیاز و راز و خەون و هیواکانی منداڵان تێگەیشتوون. بوونە بە ئیلهام بۆ چیرۆک و بۆ هۆنراوەکانیان، بەمەش توانیویانە جوانترین هۆنراوە و چیرۆکی بۆ منداڵانی کوردمان بووسن، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانەش ئەدەبی

منداڵانی کورد چووە قۆناغێکی ترەوە و پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بۆیە گرنگە ئاوڕێک لە مێژووی پەیدابوونی قوتابخانە لە باشوری کوردستان بدەینەوە.

## 3- مێژووی پەیدابوونی قوتابخانە لە باشووری کوردستان:

دامەزراندنی یەکەمین قوتابخانە کوردییەکان لە ئاکامی پێداویستی و بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشەنبیری و خوێندەواری لە ناو کۆمەڵگادا هاتە ئاراوە بەگوێرەی تۆمارە مێژووییەکان، قوتابخانەی قوبەهان لە سنووری قەزای ئامێدی سەربە پارێزگای دهۆک وەك یەکێك لە لانکە زانستیە گرنگەکانی کوردستان، قوتابخانەکە لە سەردەمی میرنشینی بادینان لە سەدەی ١٦ی زایینیدا دروستکراوە وەك یەکێك لە ناوەندە زانستیە گرنگەکان، قوتابی پێگەیاندووە. قوتابخانەکە پەیوەندی بە قوتابخانەکانی ئیستانبوڵ و میسرەوە هەبووە و زانستی ئیسلامی تیادا وتراوەتەوە و مۆڵەتی زانستە شەریعیەکانی بەخشیوە بە دەیان زانا کە لەو قوتابخانەیەدا خوێندنیان تەواوکردووە, زانای وەك ئەبو سعود ئەفەندی و مەلا خەلیلی سەرتی پێگەیاندووە، لە ئێستاشدا قوتابخانەکە خراوەتە ناو لیستی شوێنە مێژووییەکانی یونیسکۆ. (ئەنادۆڵ، ٢٠٢٠)

لە سلێمانی لە 1893 بەملاوە (قوتابخانەی روشدییەی عەسکەری)ی کرایەوە، کە دەرچووەکانی دەنێردرانە بەغدا و ئەستەمبۆڵ بەمەبەستی تەواوکردنی زانستەکانی عەسکەری. ئەمین زەکی بەگ و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و مەعرووف جیاوک و ئەمین رواندزی و دەیانی دیکە دەرچووانی ئەم قوتابخانەن. (پیرباڵ، 2005: 37)، لەسەردەمی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی لە شاری ئەستەمبۆڵ قوتابخانە بە زمانی کوردی دامەزراوە، فەرهاد پیرباڵ دەڵێت: (لە 1908 یەکێک لە یەکەمین قوتابخانە کوردییەکان لە ئەستەمبۆڵ لە گەڕەکی دیوانلی لەلایەن (عبدالرحمن بەدرخان)ەوە دامەزرا، پاشان لە (1909) قوتابخانەیەکی دیکە بە زمانی کوردی لەناو بینایەی رێکخراوی "کورد نەشری مەعارف جەمعیەتی" لە ئەستەمبۆڵ کرایەوە کە (خەلیل خەیاڵی) و (ئەحمەد کوردیزادە) دایانمەزراندبوو، مامۆستای ئەم قوتابخانەیە سەعید کوردی بووە کە ئەوکاتە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرنووسەری رۆژنامەی شرق کوردستان بووە. جەمعییەی ناوبراو لەو کاتەدا کتێبێکی رێزمانی و قوتابخانەیی بۆ قوتابییەکان چاپکردبوو) (پیربال، 2005: 38).

له ١٩٢١دەوڵەتی عێراق دروستبوو، دوای چەند ساڵێک یەکەمین قوتابخانەی فەرمی لە هەولێر دروستدەکرێت، قوتابخانەیەی 'ئەربیل ئولا'، کۆنترین قوتابخانەی هەولێرە، لە ساڵی ١٩٢٨ دروستکراوە، ئەوکات کچان و کوڕانی کورد و پێکهاتە جیاوازەکانی باشووری کوردستان پێکەوە بەشداریان لە پرۆسەی خوێندندا کردووە، قوتابخانەی یەکەمی هەولێر یاخود بەناوەکەی خۆی ئەربیل ئولا تەنها قوتابخانەیەك نەبووە لەگەڵ خۆیدا دەستپێکی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنی خستبێتە سەرپێ، بەڵکو ناوەندێکیش بووە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی خوێندەوار و چەندین مامۆستا. (س.ح، 2021).

بەم جۆرە دروستبوونی قوتابخانە وردە وردە دەستی پێکرد، قوتابخانە بۆ کچان کرایەوە، شاعیرانی کورد داوایان دەکرد (کچان)یش بێنە مەیدانی ژیان، هەریەک لە (زێوەر و بێکەس و پیرەمێرد...) شیعرییان بۆ هاندانی ئافرەتان و خوێندنی کچان نووسی، بۆنموونە (بێکەس) لە شیعری (نەسرین) دا دەڵێت:

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە؛
گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە
وا من پێت ئەڵێم، چونکە لە سەرمە؛
هەستە تێکۆشە، تا خوێنت گەرمە،
سەرپۆش فڕێ دە، چ وادەی شەرمە!؟
ئەمڕۆ، زەمانی عیلم و عیرفانە؛
عالەم شەو و رۆژ، وا لە فرمانە؛
فەرقی نێر و مێ نییە، بیزانە!
هەستە تێکۆشە، تا خوێنت گەرمە،
سەرپۆش فڕێ دە، چ وادەی شەرمە!؟

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

...................................

وەک خوشک و برا، ئەبێ هەردووکمان
قۆڵی لێ هەڵکەین، بچینە مەیدان
تا کورد بەرینە ریزی میللەتان!
هەستە تێکۆشە، تا خوێنت گەرمە،
سەرپۆش فڕێ دە، چ وادەی شەرمە!؟ (بێکەس، 129:2008)

وەک دەبینین لەم شیعرەدا هاواری (بێکەس)ی بۆ کچان و ئافرەتان بریتییە لەوەی هەستن تێبکۆشن، چونکە سەردەمی زانست و زانیارییە، هەموان پێویستیتمان بە زانست و هونەر و خوێندن و فێربوونە، بەمەش هانی کچان دەدات بۆ چوونە قوتابخانە.

بۆیە بەپێویستی دەزانیین بە کورتی تیشک بخەینەسەر مێژووی کردنەوەی قوتابخانە لە باشووری کوردستان، لەوانە: لەئەیلولی ساڵی (١٩٢٧) یەکەمجار لە مێژووی هەولێر، قوتابخانەیەکی سەرەتایی کچان لە سەردەمی موتەسەڕیف (مجید یعقوب) لەناو قەڵات، لە خانوویەکی بچووک، بەرانبەر دەرگای (ئەحمەدی)ی کرایەوە، لە سەرەتا یەک پۆل بوو ، (٣٥) قوتابی تیایدا دەیانخوێند، ئەوکاتە زۆربەی دانشتوانی شاری هەولێر لەسەر قەڵات بوون بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ناوی (قدریە حسن) بوو خەڵکی شاری موسڵ بوو، هەر ساڵێکیش پۆلێک زیاد بکرابا مامۆستایەکیان لە (موسڵ) دەهێنا، ساڵی (١٩٣٢-١٩٣٣) پۆلی شەشەم کرایەوە، ژمارەیان (١١) قوتابی بوو، بۆیەکەمجار ئەوقوتابییانە بەشداری تاقیکردنەوەی (بەکەلۆری- نیشتیمانی)ان کرد، (٤) لەم قوتابییان لەتاقیکردنەوەکان دەرچوون، کەچی تەنها یەک لەو قوتابییانە چوو بۆ خانەی مامۆستایان لە بەغدا، ئەویش خاتوو(شکریە جیاوک) بوو، کە یەکەم ئافرەت بووە بە مامۆستا لە شاری هەولێر. (کاکۆ، 2020).

دامەزرێنەری یەکەم قوتابخانەی کوردی لە سلێمانی (حەپسەخانی نەقیب ١٨٩١-١٩٥٣) بوو، حەپسەخان ئەو ژنەبوو، کە بیر و کردار و ئامانجەکانی پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوون. ئەو لە سەردەمێك ژیا زۆر دەگمەن بوو تێیدا ژن هەڵبکەوێت و دەستەڵاتی هەبێت و شان لە شانی پیاوان

بدات و باس لە مافەکانی ژنان بکات، حەپسەخان ئەم ژنەی نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر دەستی داوەتە پەروەردەکردنی منداڵان و ژنان لە رێی دامەرزراندنی یەکەم قوتابخانەی کوردی و دواتریش لە ساڵی (١٩٣٠)دا یەکەم رێکخراوی ژنانی دامەزراندووە، ئەو ماڵەکەی خۆی بۆ ئافرەتان کردبووە خوێندنگا، ماڵەکەی ئەو یەکەمین قوتابخانەی ئافرەتان بووە لە سلێمانی و لە هەموو کوردستاندا. ژنان لەو مەڵبەندە، هەستی کوردایەتییان دەورووژا و بیری ڕامیارییان لەلا پەروەردە دەبوو، ئەو زۆرخەمخۆرانە دەستی داوەتە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بۆ خوێندنی کچان، چونکە پێش ئەو کاتە تەنها پیاوان مافی خوێندیان هەبووە، ئەویش لە حوجرەکاندا، بۆیە کاتێك یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی کچان لەساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی دەکرێتەوە لەگەڵ مامۆستاکاندا ماڵ بەماڵ گەڕاوە بۆ ناونووسکردنی کچان.(عومەر، ٢٠١٦) لەم بارەیەوە (د.کەمال مەزهەر) لە بەرگی یەکەمی کتێبی چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کوردا، باسی کردنەوەی یەکەمین قوتابخانە دەکات لە سلێمانی، بۆ یەکەمجار لە سلێمانی ناونوسکردنی کچان لە ڕۆژی (1926/4/21) دەستپێکردووە و ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە ڕچەشکێنی و گۆڕانێکی گەورە و پێشکەوتووخوازانە بووە لە بیرکردنەوەی خەڵکی ئەم شارە، هەربۆیە قوتابخانەیەکی کچان بەناوی (قوتابخانەی سلێمانی کچان) لە تەنیشت (مزگەوتی گەورە)ی ئێستا و (مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ) کراوەتەوە, قوتابخانەکە لەلایەن (ئەحمەد بەگی فتاح بەگ)ی شاعیر, کە لەهەمان کات وەزیری دارایی بوو لە حکومەتەکەی (شێخ مەحمود) کراوەتەوە، قوتابخانەکە بەناوی (فاتیمەی زەهرا) بووە. یەکەمین قوتابخانە بوو کە کچانی سلێمانی ڕوویان تێکرد بۆ خوێندن، (گوزیدە یامولکی) خێزانی (عەزیز یامولکی) بەرێوەبەری بوو، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین؛ کە یەکەم کچە کورد کە بۆتە مامۆستا لە سلێمانی لەساڵی (1913)، (مەلیحەخانی قازی) خێزانی (عەبدولڵا نوری) بووە، ئەم خانمە بەڕێزە ڕێچکەشکێنە یەکەم مامۆستا بووە کە لەساڵی (1914 – 1915) وانەی بە کچان وتۆتەوە لە ژوورێکی گڵی داڕوخاودا کە بەرێوەبەرەکەی (مەلا عەبدوڵڵای عیرفان) بووە، بەر لەوەی قوتابخانەی کچان بکرێتەوە. (مەزهەر،2001، ب1: 67).

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرئەنجام دەتوانین بڵێین کە قوتابخانە رۆڵێکی دیاری هەبوو لە سەر بووژانەوەی رۆشەنبیری و گەشەکردنی جموجۆڵی ئەدەبی لە کوردستان. قوتابخانەکان بەتایبەتی چالاکییە رۆشەنبیری و هونەری و کەلتوورییەکان رۆڵیان هەبووە لە بڵاوبوونەوەی چەمک و فۆڕمە ئەدەبییە تازەکان.

## بەشی دووەم: ڕۆڵی مامۆستا شاعیرەکان لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورد

هەروەک لەبەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بەوەدا، کە بەشی هەرەزۆری ئەو شاعیرانەی بەرهەمی ئەدەبییان بۆ منداڵان نووسیووە خۆیان مامۆستا بوونە و وانەیان بە منداڵانی کورد گوتووەتەوە، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەناوی هەندێک لەو شاعیرانە دەکەین، کە شیعریان هەیە و لەو بوارەدا پێشەنگن و جێدەستیان دیارە، لەوانە:

### 1- زێوەر 1875-1948

### ژیانی مامۆستایەتی:

زێوەر یەکێکە لە مامۆستا پێشەنگەکانی کوردستان، لەو مامۆستایە شاعیرانەیە کە کۆمەڵێک شیعری بەپێزی بۆ منداڵان نووسیوە، ناوی تەواوی (عەبدوڵڵا کوڕی مەلافەندی مەلا ڕەسوڵ)ە. سەرەتا لە حوجرە خویندوویەتی، بۆ خوێندن زۆر شوێن گەڕاوە و خوێندنی تەواو کردووە، لە تەمەنی لاوێتیدا چووەتە ئەستەنبۆڵ و چوار ساڵ لەوێ ماوەتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و زۆربەی ژیانی بە مامۆستایەتی بردۆتە سەر، لە ساڵی 1920 لە سەردەمی (شێخ مەحموود)دا؛ یەکێک بووە لە دەستەی مامۆستایانی (قوتابخانەی نموونەیی سەعادەت) لە سلێمانی (زێوەر، 2003: 224)، تاکوو ساڵی 1938 لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان مامۆستا بووە و پاشان خانەنشین کراوە.

مامۆستا (زێوەر) بە ڕابەری شیعری منداڵان و سروودی نیشتمانی کوردیی دادەنرێت، زێوەر دیوانێکی* شیعریی هەیە، کە چەندین شیعری کۆمەلایەتی و نیشتمانی و دڵداری و ستایش و

* **دیوانی زێوەر لە لایەن (مەحمود زێوە)ی کوڕی شاعیر ئامادەکراوە، لە ساڵی 2003 لەلایەن دەزگای ئاراس لە هەولێر بە (٣٢٨) لاپە ڕە  بە چاپێکی جوان چاپکراوە، (زیوەر) جگە لەم دیوانە شیعرییە، چەند بەرهەمێکی دیکەی**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێداهەڵدان و گۆرانی و سروودی نیشتمانی و شیعری منداڵان و چوار خشتەکی و پینج خشتەکی بەخویەوە گرتووە، هەروەها چەند شیعرێکی بەزمانی فارسی و تورکی نووسیوە.(فەرهادی، 2013: 16-15).

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە شیعری بۆمنداڵانە، زێوەر لەدیوانەکەییدا (62) پارچە شیعری وەکو سروود بۆ منداڵان نووسیووە، کە چەندین بابەتی جۆراوجۆری لەخۆ گرتوون، لەوانە (ئامۆژگاری، کوردایەتی، بەزەیی هاتنەوە بەگیانداران، شیعری فێرکردن، خۆشەویستی دایك و باوك... هتد) (شوان، 2018: 69)، بەگشتی شیعرەکانی زێوەر بۆ منداڵانی تەمەن بچووک و سەرەتای خوێندن دانراون و هەندێکی دیکەیش بۆ منداڵانی تەمەنی هەراشن.

وەکو گوترا؛ (زێوەر) ماموستا بـووە و منداڵانی فێری پەروەردە و خوێندن و نووسین کردووە، لەم بارەوە (مەحموود) کوڕی لە پێشەکی (دیوانی زێوەر)دا دەڵێت: (لەلایەک زێوەر لە کوردستاندا ڕابەر و ڕێچکە شکێنی قەڵاچۆکردن و نە هێشتنی نەخوێندەوارییە، چونکە بەر لە ئەو و تا سەردەمی ژیانی ئەویش کەس ئەو بۆچوون و ئەرکە پیرۆزەی نەبووە و نەیگرتۆتەئەستۆی خۆی، لەلایەکی دی (زێوەر) ڕابەری ئەدەبی منداڵانە بۆ گۆرانی و سروودی کوردیی) (زێوەر، 2003: 9)، بۆ ئەم مەبەستەش نامیلکەی (دەستە گوڵی لاوان) باشترین بەڵگەیە، لەم سۆنگەوە هەرچەندە زووتریش (شیعری فێرکردن) هەبووە بۆ نموونە؛ (نوبارا بچوکان)ی (ئەحمەدی خانی)، (ئەحمەدی)یەی (شێخ مارفی نۆدێی)، (فەرهەنگوکە)کەی شەهید (شاکر فەتاح)، بەڵام وەک دەزانیین (شاعیر- زێوەر) خۆی ماڕۆستا بووە، هەوڵیداوە لەرێگەی (بەرهەمە شیعرییەکانی خۆی) منداڵان پەروەردە بکات، بە جۆرێک لە دونیای منداڵانی نزیک بووە و زانیوویەتی منداڵانی چییان پێویستە و چۆن سوودییان پێدەگات، بۆ نموونە: کاتێک منالْ بۆ یەکەمجار ئەچێتە قوتابخانە پێویستی بە فێربوونی ژمارەکانە، کە چۆن ژمارەکان لە (١)ەوە تاکو (١٠) بژمێرێت، شاعیر بۆ ئەوەی ئەم کارە لەلای منداڵ ئاسان بکات،

---

**هەیە لەوانەش (ژیانی پیغە مبەران، دە ستە گوڵی لاوان، چیروکی خێوی ناو مزگە وت, داستانی (سوزناك کربلا) شیعرە بە فارسی / ١٩٨٨) , چیرۆکی حکوومە تێکی خەیاڵ، سۆزی نیشتیمان (بە شێکە لە دیوانی شاعیر) ١٩٥٧، فەرهەنگی زێوەر).**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەرێگەی شیعرێکی فێرکردنەوە، کە جۆرە فۆرمێکی تایبەتی شیعرە و بەکاردێت بۆ مەبەستی فێربوون و فێرکردن، ئەوەی ئەم کارەی کردووە؛ وەک لە شیعری (ژمارە)دا دەڵێت:

یەك، دوو، سێ، چوار ئاسانە
تۆ بیژمێرە و بیزانە
پێنج و شەش کوا گرانە؟
ژمارەی زۆر ئاسانە
حەوت و هەشت و نۆ و دە
هەرکەس بیزانێ مەردە
کێ نایزانێ ژماردن
مەنعە لە یاریکردن
خۆمن فیربووم حیساب
ئەی گەورەی عالی جەناب. (زێوەر، 2003: 169).

شاعیر کاتێک ئەم شیعرەی بۆ منداڵانی قۆناغی سەرەتایی نووسیوە؛ مەبەستییەتی لەرێگەی شیعرەوە منداڵان بە ئاسانی فێری ژمارەکان بکات، دوای ئەوەی منداڵان فێری ژماردن دەکات، ئەمجارە هەر لە رێگەی شیعر، منداڵان فێری ناوی (ڕۆژەکانی هەفتە) دەکات، وەک لە شیعری (ژمارە)دا دەڵێت

بە خێرهاتی ئەی شەممە
لە پاش تۆ یەکشەممە
ئەی موبارەك دووشەممە
دوای تۆوە دێ سێ شەممە
چوارشەممە موبارەکە
پێنج شەممە تەدارەکە
جومعە ئە چینە گەران
بۆ زیارەت و سەیران. (زێوەر، 2003: 229).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دوو پارچە شیعرەی سەرەوە تاکوو ئەمڕش لە زۆربەی باخچەی منداڵان و قوتابخانە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا فێری منداڵان و قوتابییانی دەکرێن.

لەلایەکی دیکە پێکهاتە و سروشتی منداڵ وایە، کە حەزی لە یارییکردنە، لە سەردەمی شاعیریش یاری (تۆپی پێ)، یارییەکی دیاربووە، لای بچووك و گەورەش خۆشەویستە، بۆیە شاعیر بایەخێکی دیاری پێداوە، بەمەش لە پاڵ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ یاری (تۆپی پێ)، ویستوویەتی خۆشەویستی نیشتیمانیش لە ناخی منداڵاندا بڕوێنێت، بۆیە داوای پێشکەوتنی نیشتیمان دەکات بەهۆی زانست و هونەر، وەک لە پارچە شیعری (ئەی تۆپەکە)دا، کە لە ناو پرۆگرامی خوێندنی سەرەتایی خراوەتەڕوو و یەکێکە لە تێکستە شیعرییەکانی (پۆلی دووەمی بنەڕەتی)*یە، کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێت و منداڵان ئەزبەری دەکەن و بە هەزارەها قوتابی- تاکی کورد تاکو ئەمڕۆش ئەم شیعرەی لە هۆش و هزری ماوە، وەک دەڵێت:

ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە
من دێم لە دەستم ڕامەکە
تۆ تۆپی یاریکردنی
وەک کوولەکەی ڕۆحی منی
وەختێ کە چوویتە ئاسمان
بانگ بکە لە من یەک زمان
خۆش بێت وەتەن، خۆش بێت وەتەن
بەرز بێت وەتەن، بە عیلم و فەن ... (زێوەر، 2003: 194)

لەلایەکی دی (زێوەر) وەک ماموستایەکی دڵسۆز، بۆ پیشەکەی بە پەرۆش بـووە، بۆیە زۆرجار وەکو مامۆستایەکی قوتابخانە داوای لە خەڵک کردووە، کە دوای ڕاپەڕاندنی کار و فەرمانی ڕۆژانەیان، لە (شەو)اندا بۆلای بێن، فێری خوێندن و نووسینان بکات، ئەو هەموو کات لە هەوڵی ئەوە بوو، کە

---

* بروانە: **خوێندنەوەی کوردی، پۆلی دووەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی شازدەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004، ل٧٦.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قوتابخانە و خوێندن لەلای خەڵک بەگشتی و قوتابییان بەتایبەتی خۆشەویست بکات، باوەڕی وابوو؛ ئەگەر قوتابی بە هۆی قوتابخانە و خوێندنەوە ماندووش بێت، بەڵام ئەنجامەکەی سەرکەوتنە و بەری ماندووبونی بە فیڕۆ ناچێت، بۆیە لە پارچە شیعری (بۆ مناڵانی قوتابخانە)، کە لەسەر زاری قوتابییەکی قوتابخانەوە شیعرەکە دەچنێت، بە زمانێکی شیرین و جوانی و پەروەردەییانە منداڵان بۆ خوێندن و گەیشتن بە زانست و زانیین هاندەدات، وەک دەڵێت:

من منداڵی بچووکم، مە کتەبە، ڕۆح و سەرم
بە سمعی و خۆشی خۆشی، دەرسم دەکەمەبەرم
سەعی گەر ماندووم ئەکا، شادم دەرسم ڕەوانە
منداڵی کە تەمبەل بن خونڕی ناو کۆلانانە
دنیا چاوی ڕۆشن بوو بە سایەی عیلم و فەن بوو
ئەی رەفیقانی مەکتەب ڕۆژی عیلم و عیرفانە...(زێوەر، 2003: 99).

لە دیدگەی ئەوەی خوێندن لای شاعیر بایەخی زۆری هەبووە، بۆیە بۆ ئەو قوتابییانەی، کە لەبەر کارکردن، یان هەر هۆکارێک دەرفەتی ئەوەیان نەبووە بخوێنن، بەڵام ئارەزووی خوێندنیان کردووە و هەوڵیانداوە دوای کارەکانیان بە(شەو) درێژە بە خوێندنیان بدەن، شاعیر وەک دەستخۆشییەک لەم قوتابییانە، لە پارچە شیعری (قوتابی صانعەتکار)یان وەک هاندانیک بۆ دەڵێت.

کە ڕۆژ بیتە وە من سە نعە تکارم
ساحیبی رەندو تە شووی و مشارم
کە شە وم لیهات نە من قوتابیم
قە لەم و کاغە ز، کتیبە یارم
بە روژ سە نعە تکار، بە شە و خوێندە وار
بی هوودە نییە من هە موو کارم
وەك ئەهلی عیلم زور بە حورمە تە
ئەهلی سە نعە تیش قە دری دیارە. (زێوەر، 2003: 234)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها (زێوەر) دەیەوێت ڕۆڵ و گرنگی قوتابخانە بە منداڵان پیشانبدات، چۆن لەماڵەوە لەلای دایک و باوک خۆشەویستن و ڕێزیان هەیە، لە قوتابخانەشدا مامۆستا وەک باوکە و قوتابخانەش وەکو دایکە و نیشتیمانە، وەکو لە پارچە شیعری (قسەی قوتابییەک)دا، کە ئامۆژگاری قوتابییان دەکات، هەستی خۆشەویستیان بەرانبەر بە (قوتابییەکان و مامۆستا و قوتابخانە و نیشتیمان) هەبێت، ئەمەشی هەر لەسەر زاری قوتابییەکەوە چنیووە:

ئیمە منالین، وەتەن دایکمانە
مامۆستا باوکە، مەکتەب ماڵمانە
قوتابی هەموو وەک برامانە
کوردی خۆشەویست نوری چاومانە
ئە بێ تێکۆشین ئە مرۆ مەردانە
چونکە وە تە نمان چاوی لێمان.. (زێوەر، 2003: 180)

کەواتە زێوەر لەلایەک وەک مامۆستا و لەلایەکی دیکە وەک شاعیر ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، چونکە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە بابەتەکانی سروودی نەتەوەیی و شیعری فێرکردنی لە قوتابخانەکان پەرەپێداوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ واتە ڕۆڵی لە شیعری منداڵانی کوردیشدا هەبووە، لە پرۆسەی پەروەردەکردن و فێرکردنی قوتابییان لە قوتابخانەدا بەشداربووە.

## 2 - بێکەس 1905_1948

### ژیانی مامۆستایەتی:

بێکەس، ئەویش یەکێکی دیکەیە لەو شاعیرانەی شیعری بۆ منداڵان نووسیوە، پیشەی مامۆستایەتی بووە و لە قوتابخانەکاندا وانەی گوتۆتەوە. (بێکەس) لە ساڵی (١٩٢٨)دا بۆ یەکەمجار لە (سلێمانی) دەبێتە مامۆستای (زانست)، شاعیر لەژیانییدا لەبەر هەڵوێستی مەردانە بەرانبەر بەگەلەکەی دوچاری گرتن و زیندانی بووە، لە ساڵی (١٩٣٠) دا لە ڕاپەرینەکەی (٦)ی ئەیلوول، کە لە دژی هەڵبژاردنە ساختەکەی دەزگای پادشایەتی ڕوویدا، بەشدار بووە و یەکێک بووە لەو نیشتمانپەروەرانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرکردایەتی ئەو ڕاپەڕینەیان کردووە و تێیدا بریندار بوو، بۆیە لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵە چالاکانەییدا دەیگرن و دەیخەنە بەندیخانەوە، هەر لەسەر ئەم بەشداربوونەش لەسەر کاری میری لایدەبەن، هۆنراوە بەناوبانگەکەی (ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم...)ی لە ناو بەندینخانەدا نووسیویەتەوە.

دوای ئەوەی لە بەندینخانە دێتە دەرەوە، قوتابخانەیەك دەکاتەوە، بۆ ئەوەی وانەی تێدا بڵێتەوە و پێی بژیت، دواتر لە ساڵی (١٩٣٣) دا لە قوتابخانەی میری بە مامۆستا دادەمەزرێت و دەنێردرێتە (مورتکەی بازیان)، پاشان بۆ (تەوێڵە) دەنێردرێت، لە هاوینی (١٩٣٥)دا لەگەڵ کۆمەڵە مامۆستایەك، لەوانە یەکێکیان مامۆستا (گۆران)ی شاعیر بەشداری لە کۆرسێکدا کردووە، کە لە بەغدا بۆ مامۆستایان ئامادەکراوە، (بێکەس) لەو سەردەمەدا مامۆستای (قوتابخانەی سەرەتایی بازیان) بووە، دواتر لە ساڵی (١٩٣٧)دا لە کاری میریدا نامێنێت، چونکە پیاوانی میری باوەڕیان وابوو: گەر مامۆستایەکی نەترسی وەها لە سلێمانییدا هەبێ گیانی خەبات و کوردایەتی بڵاوبکاتەوە و دەبێتە مەترسی لەسەر پێگەی حکومەت، بۆیە دووری دەخەنەوە بۆ (حیللە) و پاش ساڵێکیش بۆ (عەمار)ە ئەینێرن، بەڵام (بێکەس) ڕازی نابێت بچێت و دەست لە پیشەکەی هەڵدەگرێت و بۆ (سلێمانی) دەگەڕێتەوە، لەوێش قوتابخانەیەك دەکاتەوە و تا ساڵی (١٩٤١) وانەی تێدا دەڵێتەوە، هەر دوای ئەم ڕووداوانە دەبێتە مامۆستای قوتابخانەکانی میری و تا لە ساڵی (١٩٤٨)دا لە (قەرەداغ و سلێمانی و سورداش و هەڵەبجە مامۆستایەتی دەکات. (بێکەس، 2008: 27 -28).

لەو ماوەیەی کە شاعیر مامۆستا بووە، زیاتر تێکەڵاوی دونیای منداڵان بووە و سایکۆلۆژییەت و پێداویستیەکانییانی زانیووە، بۆیە هەوڵیداوە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، کە لە پڕۆگرامی خوێندن لەلایەک و ئەدەبی منداڵانی کورد لەلایەکی دیکە هەبووە، ئەمەش وایکردووە شیعر بۆ منداڵان بنووسێت، کە دواتر نموونەی شیعرەکانی لە کتێبی پڕۆگرامی خوێندن دانران و لە قوتابخانەکاندا خوێندران، لەوانەش <u>شیعری (دایک)</u> ئەم شیعرەی شاعیر لە پەرتووکی (خوێندنەوەی کوردی- پۆلی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەمی سەرەتایی)* دەخوێندرا، کەتیایدا منداڵان بە خۆشەویستی دایک و ڕێزگرتن لەم مرۆڤە میهرەبانە پەروەردە دەکات، لەم شیعردا شاعیر لەسەر زمانی قوتابییەکی پۆلی سێیەمی تەمەن (8-9)ساڵیدا باس لە قۆناغەکانی گەورەبوونی خۆی دەکات، هەر لە قۆناغی شیرەخۆرە تاکو گەورە دەبێت، وەک دەڵێت:

مناڵێکی ساوابووم
کەی وەک ئێستاکە وابووم
دایکم بەخێوی کردم
ئەو نەبوایە ئەمردم
بەلای لایە و گۆرانی
رای ژنووم تا بەیانی
بەشیری مەمکەکانی
من بە بەرهەم هانی
ڕەنجی لەگەڵ کێشاوم
لە باوەشیا دایناوم
بەرگ و جلی بۆ شتووم
خزمەتی زۆری کردووم
چاکەی وا لەبەر چاوم
هەتا لە دنیا ماوم
ئەبێ دڵی نەشکێنم
ئارەزووی بەجێ بێنم. (بێکەس، 2008: 217).

* بروانە: خوێندنەوەی کوردی، پۆلی سێیەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە: (د. نەسرین فەخری و د. کامل حەسەن بەسیر و کەسانی دی...) بەرگی 16چاپی نۆیەم 2016، ل 45.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها شیعری (هەرەوەز) دووەمین شیعرە لە (خوێندنەوەی کوردی- پۆلی سێیەمی سەرەتایی)* دانراوە و لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرا، لەم شیعرەدا شاعیر مەبەستێتی منداڵان بە گیانی هەرەوەزی پەروەردە بکات، دەیەوێت منداڵان فێربکات؛ کە زۆر کار هەیە بە تەنها ناکرێت و پێویستی بە هاریکاری هەیە، بۆیە بابەتی یارمەتی خزاندۆتە نێو شیعرەکە و بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی مێروولەیەکیان بۆ دەهێنێتەوە، کە بەو بچووکیەوە چەندە ژیرن و یارمەتی یەکتردەدەن، ئاشکراشە کە گیانداران جێی سەرنجی منداڵانن و زیاتر حەزیان لەو جۆرە شیعری و چیرۆکانەیە، کە لەسەر ژیانی گیانداران نووسراون، وەک دەڵێت:

کوڕێ بوو ناوی دارا بوو     وریا و زیرەك و دانا بوو
هەرچی کەوتە بەرچاوانی     ئەچووە بنج و بناوانی

تاکو دەڵێ:

دارا لەمە عیبرەتی گرت     پەندێکی باشی لێوەرگرت
وتی هەر کارێ گرانە     بەهەرەوەزی ئاسانە (بێکەس، 2008: 223).

<u>شیعری (بەیانی)</u>** یش بابەتێکە لە کتێبی (خوێندنەوەی کوردی - پۆلی شەشەمی سەرەتایی) دەخوێنرا و قوتابییان پێویست بوو ئەزبەری بکەن، لەم شیعرەدا (بێکەس) دەیەوێت بە منداڵان بڵێت: کاتێک ڕۆژهەڵات کاتی کارکردنە نەک هەر لە خەودابین، مرۆڤ دەبێت سەیری باڵندەکان بکات، کە بەیانیان لەم چڵ بۆ ئەم چڵ دەفڕن بەسەر درەختەکانەوە دەخوێنن، دەبێت واز لە تەمبەڵی بێنن و خەریکی خوێندنبن، تاکو وڵاتمان بەرەو پێشەوە بروات، وەک دەڵێت:

بەیانی یە، وا ڕۆژ هەڵات
شەوپشتی هەڵگرد و هەڵات

* بڕوانە: خوێندنەوەی کوردی، پۆلی سێیەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە: (د. نەسرین فەخری و د. کامل حەسەن بەسیر و کەسانی دی...)، چاپی نۆیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2016، ل٨٠.

** بڕوانە: خوێندنەوەی کوردی، پۆلی شەشەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی چواردەهەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004، ل 23.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چیا و دۆڵ و دەشت و دەر
بەرگی رووناکی کردە بەر
زەمین دەمی بە پێکەنین
وەک دولبەرێکی نازەنین
پڕ گوڵ و پڕ لە یاسەمین
پڕ لە ئەرخەوان نەسرین (بێکەس، 2008: 218).

شیعرێکی دیکەی شاعیر، کە بابەتێکی گرنگ دەگرێتەخۆ، ئەویش بابەتی (نەتەوەیی)یم، وەک لە شیعری ·تۆ چیت؟ من کوردم) دەردەکەویت، لەم دیدگەوە هۆی نووسینی ئەم شیعرە لە لایەن (بێکەس)، (ڕێبین ئەحمەد هەردی) دەڵێت: ((ئەحمەد هەردی باوک بۆی دەگێڕاینەوە: کە لە سییەکانی سەدەی رابردوودا کاتێک فایەقە فەنی(واتە فایەق بێکەس) ئەبێت بە مامۆستا لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری چەمچەماڵ، دەبینێت چی قوتابی پۆلەکەیەتی، کە لێیان دەپرسێت ئێوە چین دەڵێن: ئێمە تورکین. چەند مامۆستایەکی تورک لە قوتابخانەکە وانەیان گوتۆتەوە و هەموو خوێندکارانیان وا فێرکردووە کاتێک ئەو پرسیارەیان لێدەکرێت، وا وەڵامبدەنەوە، کە ئەوان تورکن، (بێکەس)ی گەورەش، کاتێک ئەمە دەبینێت و دوبیسێت، ئەو شیعرە دادەنێت بۆ منالان و بە سەر هەموو قوتابییاندا دەیسەپێنێت، کە دەبێت هەموو -ئەزبەری- بکەن و ئەوەی ئەزبەری- نەکات لە وانەکەیا دەرناچێت)) (هەردی ، ٢٠٢٠). وەک دەڵێت:

تۆچیت؟ من کوردم     نەتەوەی گوردم
خۆ ترسنۆک نیت؟     حاشا نەبەردم
چی تۆی لە ناوبرد؟     دوودڵی و نیفاق
چۆن ڕزگار ئەبی؟     هەر بە ئیتیفاق. (بێکەس، 2008: 214).

ئەگەر سەرنجێکی وردی ئەم شیعرەی بێکەس بدەین دەبینین بەجۆرێك خودی مندالان دەدوێنێت لەسەر بابەتێك کەئینتیمای نەتەوەییە هاوکات ئاماژە بۆ ئازایەتی و چاونەترسی دەکات، کە مندال

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لە سەرەتاکانی تەمەنییەوە دەبیت بە جەرگ و ئازابێت، هەر بەشێوەی گفتوگۆ پرسیار لەمنداڵان دەکات و وەڵامەکانیان لێوەردەگرێت، هەروەها زیرەکانە دێتەسەر باسی ناتەبایی و دووبەرەکی لەناو میللەت کە بووەتە هۆی پەرت بوون و لەناوچوونی گەلەکە.

لە شیعرێکی دیکە بە ناوی (شیعری قەومی کورد)ە ، ئەم شیعرە لە پاڵ ژیان و بەسەرهاتی (بێکەس) لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی)* لە قوتابخانەکان دەخوێندرێت، کە قوتابییەکانی ئەم قۆناغە تەمەنییان لە نێوان (13-14)ساڵی دایە، هۆی نووسینی ئەم شیعرە (بە بۆنەی هاتنەوەی لاشەی چوار ئەفسەرە قارەمانەکەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی 1947 وتراوە)، ناوەڕۆکی شیعرەکە باس لە قارەمانییەتی میلەتی کورد دەکات، کە هەمیشە تێدەکۆشیت بۆ سەربەستی و میلەتێکە چەندین لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتیماندا گیانی فیداکردووە.

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین
میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین
میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتیمان
بێتەبەر سێدارە و بێ ترس، دەم بە خەندە و پێکەنین
قەومی وا نامرێ ئەژی، با دوژمنی هەر شەق بەرێ
ساحێبی ڕۆڵەی نەبەردە و خاوەنی عەزمی مەتین
ئەوکەسەی گیانی لەڕێگەی نیشتیمانا بەخت ئەکا
پێی مەڵێن مردوو شەهیدە، وا لەفردەوسی بەرین
لاوی کورد مەردە لە مردن قەتعییەن باکی نییە
پەندی پێشینانە ڕاستە گوتوویانە (بەرخی نێر بۆ سەربڕینە). (بێکەس، 2008: 85).

لە بەشی شەشەمی دیوانی شیعری بێکەس دا، کە تەرخانکراوە بۆ ئەو شیعرانەی کە بۆمنداڵان نووسراون، برتیین لە بیست پارچە شیعر، کە ناوەڕۆکی شیعرەکان بەگشتی بریتیین لە؛ بابەتی

---

* **زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی هەشتەمی سەرەتایی، دانانی: لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چ شەشەم، چاپخانەی المستقبل، لوبنان، 2013. ل135.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردەیی و ئامۆژگاریی و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکان و نیشتیمانی و خۆشەویستی سروشت و ئاژەڵدۆستیی...، جگە لەمانە بەشێکی دیوانە شیعریەکە بریتییە لە (سروود)، چونکە (بێکەس) یەکێکە لەو شاعیرانەی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سروودی منداڵانی کورددا هەبووە و هەیە، بە زمانێکی سادە و ڕەوان ویستوویەتی لە ڕێی سروودەکانییەوە ئامۆژگاری منداڵان بکات و ڕێگەی ڕاستیان پیشان بدات، سروود یارمەتی و هانی ئەو منداڵانە دەدات، کە زمان دەگرن، بۆ ئەوەی بە بێ ترس و شەرم و دڵەڕاوکێ بەشداری لە گرووپ و کۆڕسی سروودی قوتابخانەکەیان بکەن، لە سروودەکان بە ناوبانگەکانیش: (خوایە وەتەن ئاواکەی، شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە، ئەی دڵیران بێچووە شێران) کە هەموو بەیانییان لە قوتابخانەکان بە کۆرس لەلایەن قوتابییانەوە دەگوترانەوە.

### 3- گۆران 1904 -1962

**ژیانی مامۆستایەتی:**

(گۆران) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە پیشەی مامۆستایەتی بووە، ئەو بەرهەمی شیعریی بۆ منالانی قوتابخانە نووسیوە، تاکو ئەمڕۆش لە کتێبی پرۆگرامەکانی قوتابخانەکانی کوردستان دەخوێندرێن، گۆران ڕۆلێکی بەرزی هەبووە لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کوردیی.

(گۆران) بۆیەکەمجار لەساڵی (1925) بە مامۆستا لە (قوتابخانەی هەڵەبجە) دامەزراوە، تا ساڵی (1937) لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچەیەدا مامۆستا بووە، ساڵی (1953) دەبێتە بەرپرسی ڕۆژنامەی ( ژین)، لە ناوەڕاستی ساڵی (1962) دا دەچێتە (بەغدا) و لە (بەشی زمانی کوردی)ی (کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا) دەبێتە (مامۆستای وانەبێژ) و پاشان دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئازادی (گۆران، 2007، 34-35)

لەم دیدگەوە هەندێک لە نموونەی بەرهەمەکانی شاعیر، کە قوتابییان لە کتێبی قوتابخانەکاندا دەیخوێنن و خوێنراون دەخەینەڕوو، لەوانە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیعری (بەرخەکەم) لە پرۆگرامی خوێندنی سەرەتایی لە کتێبی (خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی)* دەخوێندرێت و لە زۆربەی قوتابخانەکانیش منداڵان ئەزبەری دەکەن، بەمەش منداڵان ئاشنا دەکات بەگیاندارێکی وەکو (بەرخ)، کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بابەتەکە زۆر نزیکە لە جیهانی منداڵان، ئەویش ئاژەڵە، چونکە منداڵان هۆگری ئاژەڵە ماڵییەکانن و خۆشیان دەوێن، هەروەها ئەم پارچە شیعرەی گۆران زۆربەی تەکنیکەکانی شیعری منداڵنی تێدایە بۆ منداڵ دەگونجێت لەم تەمەنە. وەک دەڵێت:

ئەی بەرخۆڵەکە!

نەرم و نۆڵەکە!

سپی و خڕپنی

وەك کولوی لۆکە!

دەستەمۆچەشی،

فێرە باوەشی،

دەنگی بارەخۆش،

جوان و چاورەشی! (گۆران، 2007، 321).

هەروەها شیعری (گۆرانیی دەنکەگەنم)، کە لە (کتێبی زمانی کوردی پۆلی چوارەمی سەرەتایی)** قوتابییان دەیخوێنن و ئەزبەری دەکەن، لەم شیعرەدا شاعیر باسی (گەنم) دەکات بۆ منداڵان، دەیەوێت منداڵان ئاشنابکات بە چۆنییەتی چاندن و قۆناغەکانی گەنم چاندن، ئا لێرەوە شاعیر منداڵ بەسروشت ئاشنا دەکات، وایان لێدەکات هەست بەجوانی ژیانی سروشت بکەن و بزانن، کە خودای گەورە خاوەنی سروشتە بە فەرمانی ئەو دەڕوێت، وەک دەڵێت:

ئەی خوای گەردوونە بەرزە!

* بروانە: خوێندنەوەی کوردی، پۆلی دووەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی شازدەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، **2004**، ل٦٤.
** بروانە: خوێندنەوەی کوردی، پۆلی چوارەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی چواردەهەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٥٧.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەغڵەکەم بپارێزە

لەسن و کوللەو تەرزە

ئەی خوای گەردوونە بەرزە!

هی تۆیەو من

نەك هی دوژمن

دەنکە گەنم ...

دەغڵم وەک ئاڵتوون زەردە

وەرزێرا داس لە هەسان دە!

خۆت ئاسایی تەکان دە

مەڵۆم بۆ لە خەرماندە

خەرمانی سوور

وەک کۆگای نوور

دەنکە گەنم... (گۆران، 2007 :322).

شیعری (بەیان)یش لە کتێبی (خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی)دایە، قوتابییان لە قوتابخانەکان دەیخوێنن، زمانی ئەم شیعرە زۆر سادە و ساکارە، کە گۆرانی شاعیر بە زمانێکی بەتام و چێژ پڕ لە تەکنیکی وەسف و وێنەی هونەریی و وێنەی فۆتۆگرافی و وێنەی سینەمایی بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی جوانی بەرەبەیانی کوردستان، کە منداڵان لەم قۆناغەدا فێری چێژی ئەدەبی دەکات.

بەیان

((ئەڵڵاهو ئەکبەرا)) مەلابانگانە،

تاریک و لێڵی بەری بەیانە

مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو

زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو!

ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل

کزکز ئەتکێتە ناو بەفری سەرکەڵ! (گۆران، 2007 :119).

لە شیعری (بەرێگادا بەرەو کۆنفرانس)یشدا، کە لەپاڵ ژیان و بەسەرهاتی (گۆران) ئەم شیعرە لە (کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەرەتی)* هاتووە، کە بۆ قوتابییانی تەمەنی نێوان 15-16 ساڵیدا دەبێت، بە گشتی شیعرەکە باس لە (بەستنی دووەم کۆنفرانسی مامۆستایان) دەکات، کە لە هاوینی (1960) لە شارۆچکەی (شەقڵاوە) بەستراوە .لە ناوەڕۆکەکەیدا ئاماژە بە (جوانی شاری شەقڵاوە) و (چیای سەفین)ی سەرکەش دەکات، وەک دەڵێت:

بە هەنگاوی گورج و درێژ
ئەبڕین ڕێگای هەوراز و لێژ
بەدەم سەرگەرمی هیواوە
بە باڵ ئەفڕین
لە شەقڵاوەی خانزادنشین
(دڵە زۆر تەڕەکەی سەفین!)
دووەم کۆنفڕانس ئەبەستین. (گۆران، 2007 :229).

بە گشتی بابەتەکانی شیعری گۆران بۆ منداڵان بابەتی تازەن، ئاشتیخوازیی و مرۆڤپەروەریی و ڕیسواکردنی چەوسانەوە و زەبروزەنگی و دزێوی و چەپەڵییە، (ئەحمەد، 2005: 77). وەک سەرنجدانێکی شیعری (ساوای ئاشتی خواز) دەمانباتە ئەو جیهانەی (گۆران) لەم بوارەدا نەخشی کردووە، وەک دەڵێت:

مناڵێکم کۆرپەی ناز
وەک باوکی خۆم ئاشتی خواز
کۆتری سپیی تەقڵەباز
لە چەقەڵ ئەکەم دەرباز
مناڵێکم، مناڵێکم، ئاشتیخواز

* بڕوانە: خوێندنەوەی کوردی، پۆلی نۆیەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی چواردەهەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٧، ل٢١٢-٢١٣.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نامەوێ گرمەی بۆمبا
بە کوتەک لە کەللەم با
نامەوێ چەپۆکی شەڕ
ماڵی باوکم با بە «با»
مناڵێکم، مناڵێکم، ئاشتی خواز
باوکم نابێ بێکاربێ
ڕووت و قووت و هەژار بێ
دایکم فرمێسکی خەمی
وەک دڵۆپی بەهار بێ
مناڵێکم، مناڵێکم، ئاشتی خواز. (گۆران، 2007 :317).

لەم سۆنگەوە هەرچەندە (گۆران) بەرهەمی تایبەت بە منداڵانی کەمە، بەڵام لەبەرئەوەی خۆی مامۆستا بووە و زیاتر لە جیهانی وەنەوشەیی و هیوا و حەز و خەونە سەوزەکانی منداڵانەوە نزیک بووە، زیاتر لە ڕازونیاز و ناخی دڵی پاکییان، لە ئارەزوو و لە هیواکانیان گەیشتووە، بۆیە درکی بەوە کردووە، کە دەبێت چەند بەرهەمێک بۆ قوتابییەکانی بنووسێت. لە دیوانی گۆراندا هەشت پارچە شیعر بۆ منداڵان نووسراوە، کە ئەوانیش (ساوای ئاشتی خواز، جگەرتانین، گۆرانی کەو، بەرخەکەم، گۆرانی دەنکە گەنم، پشیلەکەم، کەروێشک، بەفر) هەروەها یازدە سروودی و سێ ئۆپەرێت و هەشت کورتە شانۆی بۆ منداڵان نووسیوە، لە سروودە بەناوبانگەکانیشی (کوردستان، بەری بەیانە، دەمی ڕاپەڕین.....)، کە سەرجەم ئەم بەرهەمانە لە لە پرۆگرام و چالاکییەکانی قوتابخانەدا شوێنی خۆیان کردۆتەوە.

لە کۆتایدا دەبێت بگوترێت: کە جگە لەم سێ شاعیرەی کورد (زێوەر، بێکەس، گۆران)، کە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان دا باسیانمان کردوون، چەندین شاعیر و نووسەری تر هەن، کە خۆیان مامۆستا بوونە و وانەیان بە منداڵان گوتووەتەوە و لە بواری ئەدەبی منداڵاندا پێشەنگن، جێدەستیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیارە لەوانە: (ع. ع. شەونم، عومەر عەبدولڕەحیم، فەریدوون عەلی ئەمین، عوسمان محەمەد هەورامی، جەزا عەلی ئەمین، حەمە کەریم هەورامی، کەریم شارەزا، عومەر عەلی ئەمین، رەزا شوان، رۆستەم باجەلان، جگەرسۆز پێدرۆیی، ئیسماعیل رۆژبەیانی، کازم کۆیی، ئیبراهیم ئەحمەد شوان، عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، عەبدولڕەحمان فەهیمی، ئەحمەد ئسماعیل ئیسماعیل، رۆستەم باجەلان، ... هتد)، بەڵام لەبەر بەرفراوان بوونی توێژینەوەکە نەمان توانی ئاماژە بە ڕۆڵ و کارو بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بدەین لە بواری ئەدەبی منداڵاندا.

## ئەنجام:

1. دامەزراندنی قوتابخانە لە باشووری کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ چارێگی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئەمەش بەگشتی ڕۆڵێکی پەرچاوی گێڕاوە لە بەرەو پێش بردنی ئەدەبی منداڵانی کورد؛ چونکە لەگەڵ قوتابخانە و کتێب و پرۆگرامی خویندن و چالاکی و ڕێورەسمەکانی، ئەدەبی منداڵان پێشکەوتووە.
2. ئەو مامۆستا شاعیرانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان پێداون لە ڕێگەی دەقە ئەدەبییەکانی نێو کتێبەکانی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی دەچنە نێو خانەی ئەدەبی منداڵان و بە بەرهەمەئەدەبییەکانیان بەشداربوونە لە پرۆسەی پەروەردەکرن و پێگەیاندنی منداڵانی کورد.
3. پیشەی مامۆستایەتی ڕۆڵی گرنگ و دیاری هەبووە لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورد؛ چونکە ئەو شاعیرانەی سروود و شیعرییان بۆ منداڵان نووسیوە، هاوکات مامۆستابوون ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە و بەشدارییان کردووە و لە چەسپاندنی بنەما پەروەردەیی و نیشتیمانییەکان لەلای قوتابییاکان و ئامانجەکەیان پێکاندووە.
4. چەندین فۆرمی ئەدەبی تازە؛ وەک (سرووود ، شانۆ و شیعری فێرکردن...) لە ڕێگەی پرۆگرامی قوتابخانەوە لەلایەن ئەو مامۆستا شاعیرانە هاتۆتە نێو ئەدەبی منداڵانی کوردیی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. قوتابخانە لەیەك كاتدا دوو ڕۆڵی گێڕاوە؛ لەلایەك مامۆستایانی شاعیری هانداوە، کە شیعر بۆ منداڵان بنووسن، لەلایەکی دی منداڵانیش سوود و چێژیان لەو شیعر و سروودانە وەرگرتوون.
6. گرنگترین ئەو بەها پەروەردەییانەی، کە لە بەرهەمەکانی مامۆستا شاعیرەکان ڕەنگیداوەتەوە، بریتیبوون لە (بابەتی پەروەردەیی، ئامۆژگاری، ئاكارە كۆمەڵایەتییەكان، بابەتی نیشتیمانی، خۆشەویستی سروشت و ئاژەڵدۆستی).

## سەرچاوەکان:

### کتێبەکان:

### کتێب بە زمانی کوردی:

1. ئەحمەد، ناهیدە (2005)، سەرەتایەک دەربارەی ئەدەبی منداڵانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
2. پیربال، فەرهاد (2005)، شیعری نوێی کوردی 18998 -1958، دەزگای کوردستان، هەولێر.
3. پێندەرۆیی، محمەد سالّح (2010)، مامۆستای باش و سەرکەوتوو کێیە؟، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، کوردستان، هەولێر.
4. شوان، ئیبراهیم ئەخمەد (2018) مەڵۆیە لە ئەدەبی منداڵانی کور، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
5. عبدولکەریم، سەلام (2009)، سیستەمی پەروەردەیی لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا، چ1، چاپخانەی سایە، سلێمانی.
6. فەرهادی، حەمەسالّح (2006)، 30 بابەتی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
7. فەرهادی، حەمەسالّح (2013)، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
8. قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2008)، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9. مەزهەر، کەمال (2001)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد – بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الادیب البغدایة.

**کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن:**

1. خوێندنەوەی کوردی، (2004)، پۆلی دووەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی شازدەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،
2. خوێندنەوەی کوردی، (2016)، پۆلی سێیەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە: (د. نەسرین فەخری و د. کامل حەسەن بەسیر و کەسانی دی...) بەرگی 16، چاپی نۆیەم.
3. خوێندنەوەی کوردی، (2002)، پۆلی چوارەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی چواردەهەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل٥٧.
4. خوێندنەوەی کوردی، (2004)، پۆلی شەشەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی چواردەهەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
5. زمان و ئەدەبی کوردی، (2013)، پۆلی هەشتەمی سەرەتایی، دانانی: لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چ شەشەم، چاپخانەی المستقبل، لوبنان.
6. خوێندنەوەی کوردی، (2017)، پۆلی نۆیەمی سەرەتایی، دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی چواردەهەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**دیوانەکان:**

1. بێکەس، (2007)، دیوانی فایق بێکەس، ئامادەکردن: ئومێد ئاشنا، انتشارات کردستان، سنه.
2. زێوەر، (2003)، دیوانی زێوەر، مەحمووود زێوەر، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس ، هەولێر.
3. گۆران، (2007) دیوانی گۆران، کۆکردنەوەو پێشەکی: محەمەدی مەلا کەریم، انتشارات کردستان، چاپی دووەم، تاران.

**کتێب بە زمانی عەرەبی:**

1. الهيتى، هادى نعمان (1994)، ثقافة الاطفال، طبعة الاولى، مكتبة النهضة، بغداد.
2. حماد، خليل عبد الفتاح والنخالة، سمية سالم (2009)، مدى امتلاك المعلمين لخصائص المعلم العصري من وجهة نظر مديري المدارس والمشرفين التربويين في محافظات غزة، بحث مقدم للمؤتمر التربوي المعلم الفلسطيني، الواقع والمأمول.
3. ليتروش، امينة (2018)، اثر الادب الاطفال فى التنمية المهارة اللغوية للتلميذالمدرسة الابتيدائية، جامعة عبدالخميد بن باديس، مستخانم، كلية الاداب.
4. مدكور، احمد علي (2009)، تدريس فنون اللغة العربية: النظرية والتطبيق .عمان: دار المسيرة للنشر والطباعة والتوزيع.

**گۆڤارەکان:**

1. عتوم، كامل علي سليمان (2013)، مدى تحقيق أدب الأطفال المتضمن في كتب لغتنا العربية للصفوف الأساسية الثلاثة الأولى في الأردن لأهداف هذا الأدب, مجلة بحوث التربية النوعية, المجلد 2013، العدد 31 - الرقم المسلسل للعدد 31.

**سایتە ئەلیکترۆنییەکان بە زمانی کوردی:**

1. شوان، ڕەزا (2016)، ماڵپەڕی pukmedia , https://www.pukmedia.com/KS/details/?Jimare=99882
2. Yunus Kele ماڵپەڕی ئاژانسی ئەنادۆڵ، (2020)، دەۆک قوتابخانەی قوبەهان لە لێواری لەناوچوونە. https://www.aa.com.tr/ks/
3. قادر،هونەرکەمال(2015)،ڕۆڵی مامۆستا لە پەروەردە و فێرکردندا https://komalnasanybingol.blogspot.com/2015/04/role-mamosta-la-parwardaw-ferkrdn.html
4. هەردی، ڕێبین ئەحمەد (2020)، ماڵپەڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک (کانی ئەدەب), 2020/7/30، https://www.facebook.com/nali.kurd.11/posts/pfbid03mcRNcwMktXk5k6XUYmnArDyPQUofv6C92vNiQkycHtm1SRAbbrwwWwbmhn2thXZl
5. کاکۆ، بکر(2020)، یەکەم قوتابخانەی کچان لە شاری هەولێر لەناو قەڵات, ماڵپەڕی کوردستان تیڤی، 20/04/2020

https://old.kurdistantv.net/ku/kurdistannasi/ziman-edeb

6. عومەر، سۆزان (2016)، حەپسەخانی نەقیب، ژنێکی پێشەنگ و ڕەچەشکێن". تەلەڤیزیۆنی خاک.
https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=4787

**سایتە ئەلیکترۆنییەکان بە زمانی عەرەبی:**

1. عيساوي، سهيل إبراهيم, (2015)، صورة المعلم في أدب الأطفال المحلي, 24 نيسان/أبريل 2015 أنفاس نت.
https://anfasse.org/ecle/lxdn6693266/6019.html?fbclid=IwAR0Nxag6e-pm56_QZk6__HgWtm5KnpH-o_q-pX5YFZVfI16S_tooAIu4b-A

**سایتە ئەلیکترۆنییەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Seregny، Scott J .) ،(2019) "Teacher", www.encyclopedia.com, Retrieved 16-3-2019. Edited.
2. Havighurst، Robert.J (2019)"Teaching" ،www.britannica.com, Retrieved 16-3-2019. Edited.
3. Cox ، anelle (24-12-2018), "What Is the Role of a Teacher?" ،www.thoughtco.com, Retrieved 16-3-2019. Edited.

---

# The Role of Poets Teachers in Developing Kurdish Children's Literature

**Farhang Muzaffar Muhamad**
Department of Kurdish Language, College Basic of Education،Salahuddin University, Erbil, Kurdistan Region. Iraq.
Email: farhang.muhamad@su.edu.krd

***Keywords:*** *teacher, school history in Kurdistan, Kurdish children's literature, Kurdish contemporary literature*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

## Abstract

This study is entitled (The Role of Poets Teachers in Developing Kurdish Children's Literature). an attempt to display and show the role of teachers who were poets and writers, for example, the poets (Ziwar 1875-1948), (Bekas 1905-1948) and (Goran 1904-1962). These poets have been teaching children in Kurdistan schools since inception of the schools until the middle of the twentieth century. Their literary works were part of the curriculum in schools and they played an important role in the developing Kurdish Children's Literature.

This study consists of two parts, the first part is on the theoretical side, which we try to focus on the concept and definition of teachers, schools, children's literature, and the history of the establishment of schools in southern Kurdistan. As for the second part of the research on the practical side, which highlights, analyzes and presents the works of these poets and shows the impact of the literary texts they wrote for the children and were part of the curriculum in the schools. And finally we present the results in several points, which we reached as a result of our research, with a list of sources. And a summary of the research in Arabic and English.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دور المعلمين الشعراء في تطوير أدب الأطفال الكردي

## ملخص:

هذه الدراسة بعنوان (دور المعلمين الشعراء في تطوير أدب الأطفال الكردي). وهي محاولة لعرض وإظهار دور المعلمين الذين كانوا شعراء وكتاب، على سبيل المثال الشعراء (زيور 1875-1948) و (بيكەس 1905-1948) و (گوران 1904-1962) هولاء الشعراء كانوا يدرسون الاطفال في مدارس كوردستان منذ تشكيل المدارس حتى منتصف القرن العشرين. و اعمالهم الادبية كانت جزء من المنهج في المدارس ولعبوا دورا مهما في تكوين أدب الأطفال الكردي .يتالف هذه الدراسة من جزئين، الجزء الأول خاص بجانب النظري، الذي نحاول التركيز على مفهوم وتعريف المعلم والمدارس وأدب الأطفال و تاريخ نشاة المدارس في جنوب كردستان. أما الجزء الثاني من بحث خاص بجانب العملي و الذي تقوم بابراز و تحليل وتقديم أعمال هؤلاء الشعراء وإظهار تأثير النصوص الأدبية التي كتبوها لأطفالهم وكانت جزء من المنهج في المدارس. و أخيرًا نقوم بعرض النتائج في عدة نقاط، التى توصلنا إليها نتيجة بحثنا، مع قائمة بالمصادر. وملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.